ناوەڕۆک

١ - بکەر

بکەر کەرەستەیەکی سەرەکی ڕستەیە، ئەو ناوەشە بە کاری ڕستەکە هەڵدەستێت، هەندێ جار جێناو شوێنی بکەر لە ڕستەدا دەگرێتەوە. یاخود بکەر دەبێت کەسێک بێت یان شتێک بێت، کە ئەنجام دان یان ئەنجام نەدانی بکەوێتە ئەستۆ لەناو ڕستەکەدا. بۆ نموونە:

کاروان هات.

ئێمە ڕۆیشتین.

دەشێت جێناوی لکاو شوێنی بکەر بگرێتەوە لە ڕستەدا، بۆ نموونە:

أ- جێناوی لکاوی کۆمەڵەی (م-مان، ت- تان، ی- یان) لەگەل کاری ڕابردووی تێپەر دێت و شوێنی بکەر دەگرنەوە، بۆ نموونە:

نامەکەمان خوێندەوە.

لەم ڕستەیەدا جێناوی لکاوی (مان) ئەرکی بکەری بینیوە لە ڕستەکەدا.

ب- جێناوی لکاوی کۆمەڵەی (م- ین / یت- ن / -ن)لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەر لە شوێنی بکەر دێن لە ناو ڕستەدا. بۆ نموونە:

ڕۆیشتین بۆ قوتابخانە.

لێرەدا جێناوی لکاوی (ین) ئەرکی بکەر دەبینێ لە ڕستەکەدا.

ج - جێناوی لکاوی کۆمەڵەی (م - ین، یت -ن) (ێت -ات) -ن) لە ڕستەی کاری ڕانەبردووی تێپەر و تێنەپەر ئەرکی بکەر دەبینین.

بۆ نموونە:

وانەکە دەخوێنیت.

لەم ڕستەیەدا جێناوی لکاوی (یت) ی کۆتایی ڕستە ئەرکی بکەری بینیور لە ڕستەکەدا

د - جێناوی لکاوی کۆمەڵەی (ە، ن) لەڕستەی کاری داخوازی ئەرکی بکەریان دەکەوێتە ئەستۆ.

بۆ نموونە

وانەکە بخوێنە.

٢- بەرکار

لە زمانی کوردیدا بەرکار گرنگییەکی ڕێزمانی زۆری هەیە و بەگشتی وەک نیشانە و پێوەرێکی دانپێدانراو و باوەڕپێکراو لە جیاکردنەوەی کرداری تێپەڕ لە تێنەپەڕ دەژمێردرێت بەو مانایەی هەر ڕستەیەک بەرکاری وەرگرت پێویستە کردارەکەی تێپەڕبێت و بە پێچەوانەوە.

بەگشتی ئەو پێوەر و نیشانانەی لە زمانی کوردیدا بۆ جیاکردنەوەی دوو دەستە کرداری تێپەڕ لە تێنەپەڕ دانراون گشتگیرن و تێیاندا کرداری سادە لە ناسادە جیانەکراوەتەوە و ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕستەدا ڕوودەدەن بەجۆرێک باس کراون کە بۆ هەموو جۆرە کردارێک دەگونجێن، بەڵام گەر تەماشای ئەو پێوەرانە بکەین بۆ بەشێکی زۆر لە کردارە لێکدراوەکان نەگونجان تێیاندا بەدی دەکرێت و ناتوانین لە کرداری لێکدراودا جێبەجێیان بکەین.

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێکی زۆر کرداری لێکدراوی تێپەڕمان هەن لە بەکارهێنانیان لە ڕستەدا پێویستیان بە بەرکاری دەرەکی نییە بیهێننە ناو ڕستەکەوە یان بەجۆرێکی تر توانای ڕاکێشانی بەرکاریان نییە تا کردارەکەی بەسەردا جێبەجێ بکرێت، بەڵکوو لە بەشێک لە خۆیان شوێنی بەرکارەکەش پڕدەکەنەوە و ڕۆڵی بەرکار و کردار لەناو خۆیاندا کۆدەکەنەوە و لەکاتی بەکارهێنانیان لە ڕستەدا دەبنە دوو بەش و بەشی یەکەمیان وەک بەرکار و بەشی دووەمیان وەک کردار ڕەفتار دەکەن، بەڵام ئەم دابەش بوونە کار لە لێکدراو بوونیان ناکات واتە ئەم کردارانە لە دەرەوەی ڕستەدا بە لێکدراوی دەمێننەوە و بە (لێکدراوی فەرهەنگی) ناودەبرێن.

ئەم کردارانە (کرداری لێکدراوی ناو فەرهەنگن، کاتێک دێنە بەکاردەبرێن لە یەکتری جیادەبنەوە و بەشی یەکەمی کردارەکە دەچێتە جێکەوتەی بەرکار و دەبێتە بەرکاری ڕستەکە)

بە پێی ئەم یاسایە ئەم جۆرە کردارانە کە ژمارەیەکی زۆریان لە زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت و هەروا بە هەوانتە ناکرێت پشتگوێ بخرێن و تەنها لەبەرئەوەی بە ڕاستەوخۆیی بەرکاری دەرەکی وەرناگرن بە تێنەپەڕ بیانژمێرین، بۆیە بە پێویست زانراوە کە ڕێگایەکیان بۆ بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی لە گومانی تێنەپەڕبوون دوور بخرێنەوە و ئەگەر وانەکرێت پێویستە ئەم کردارانە بخرێنە ڕیزی کردارە تێنەپەڕەکانەوە کە ئەمەش پێچەوانەی مەبەستە چونکە ئەم کردارانە لە بنەڕەتدا بە سادەیی هەموویان تێپەڕن و بەشێکی زۆریشیان لە کرداری فرە چالاکی (کرد)ی تێپەڕ دروست بوون کە بەهۆی چالاکییەوە دەتوانرێت ژمارەیەکی زۆر کرداری ناسادەی تێپەڕی لێ دروست بکرێت.

جا ئەم کردارانە تەنها لە وەرگرتنی بەرکاردا کێشە دروست ناکەن بەڵکو لە کردنیان بە بکەرنادیاریش گرفتی دی پێش دێنن، وەک: (شەڕکرد، ڕاکرد، نوێژکرد، شوکرد، ئیش کرد، نان کرد، جووت کرد، ئاوهێنا، چالێنا، ئاوخوارد، نان خوارد، خەم خوارد، سواڵ کرد، قسەکرد، سوێندخوارد، وەسیەت کرد، بازدا، هەوڵدا)

لێرەدا پێویستە هەڵوێستە لەسەر شتێک بکەین بە تەماشاکردن و سەرنجدان لە بەشی یەکەمی کردارەکان بۆمان دەردەکەوێت هەموو کردارەکان بەشی یەکەمیان لەناو پێکهاتووە ئەم ناوانەش توانای جێبەجێ کردنی کردار هەیە بەسەریاندا بۆیە کاتێک لەڕستەدا بەکاردەهێنرێن و ئەرکی بەرکاریان پێ دەسپێردرێت هی ئەوەیە

که هەریەک لەم ناوانە کە دەکەونە بەشی یەکەمی کردارە لێکدراوەکانەوە دەتوانرێت زۆر بە ئاسانی هێزی جێبەجێ کردنی کردارەکانیان بەسەردا بسەپێنرێت، بەڵام کردارەکان لێکدراوبوونی خۆیان لەدەست نادەن وەک چۆن لە ڕستەی بکەرنادیاردا بەرکار بەناچاری

دوای لابردنی بکەر و ئەو جێناوە لکاوەی پەیوەستە پێیەوە دێتە شوێنی بکەر و دەبێتە جێگری بکەر بەڵام بەرکاربوونی خۆی لەدەست نادات، واتە نابێتە بکەر.

بۆیە ئەمە بە باشترین ڕێگە دانراوە بۆ خۆ ڕزگارکردن لەم گرفتە و ڕزگارکردنی ئەو کردارانەش لە بوونیان بە تێنەپەڕ چونکە کارێکی ناگونجاوە ئەو کردارە تێپەڕە چالاکانە بە لێکدراوبوونیان لە تێپەڕەوە ببنە تێنەپەڕ، بەڵگەیەکی دیکەی زۆر سادە و سەلمێنەری لێکدراوبوونی ئەم کردارانە ئەوەیەکە هەریەک لەم کردارانە زۆربە ئاسانی و سەرکەوتووانە دەکرێنە ناوی لێکدراو بەهەموو جۆرەکانییەوە کە ئەمەش هیچ گومانیک ناهێڵێتەوە تا بیر بۆ ئەوەبچێت کە ئەم کردارانە مادام لە ڕستەدا دوو ئەرک وەردەگرن کەواتە دوو بەشن و لێکدراونین و تەنها گونجان وای لێکردوون کە وەک لێکدراو دەربکەون بۆ نموونە:

نانکەر، ڕاکەر، ئیشکەر، ئاوهێن، شەڕکەر، نانخۆر، سوێندخۆر.

٣- تەواوکەری بەیاریدە

تەواوکەری بەیاریدە یاخود بەرکاری ناڕاستەوخۆ؟

یەکێك لە ئەو بابەتانەی کە لە لایەن فێرکاران و فێرخوازانی زمانی کوردی موناقەشەی لە سەرە و نەیان توانییوە بە ڕوونی لە یەکتریان جیا بکەنەوە و هێڵێکی دیاری جیاکاری لە نێوانیاندا دابنێن هەردوو دەستەواژەی بەرکاری (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) و تەواوکەری (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یاخود تەواوکەری بەیاریدە)یە. هەندێك لە زمانەوانان و فێرکاران پێیان وایە هیچ جیاوازییەك لە نێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆ و تەواوکەری بەیاریدە یاخود فراوانتر بڵێین بەرکار و تەواوکەردا نییە، وە پێیان وایە دوو ناوی جیاوازن بۆ یەك مەبەست بەکار دەبرێن هەروەها هەڵگری هەمان تایبەتمەندین بۆیە ناکرێت بە دوو بابەتی جیا باس بکرێن. هەروەها هەندێکی تر لە ئەوان بەگومانەوە لەم بابەتە دەڕوانن وە بە دوو ناو و یەك ناوەڕۆکی نازانن بۆ وەڵامی ئەمەش واتای وشەکان(بەرکار، تەواوکار) دەکەن بە بنمای وەڵامەکانیان، وە پێیان وایە یەك بابەت نییە و جیاوازن. بەڵام نموونەی شیکارکراوم لەم بارەیەوە دەست نەکەوت. نامەوێت بابەتەکە بە باسکردن لەو جیاوازییانەی کە دەربارەی ئەم بابەتە هەیە درێژ بکەمەوە، لێرەوە هەوڵ دەدەم بابەتیانە ئەم پرسە بخەمە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە هەروەها نموونەی پێویست دەربارەی بابەتەکە بخەمە بەرچاوی خوێنەر و هۆگرانی زمان، تاکو هەموومان پێکەوە بتوانین لە ئەم گۆشەیەی ڕێزماندا خزمەتێك بگەیەنین ئەگەر چی کەمیش بێت.

٤- جێگری بکەر

جێگری بکەر:- ناوێك یاخود جێناوێكی سەربەخۆیە کە لە ڕستەدا ئەرك و شوێنی دەگۆڕدرێت لە بەرکارەوە بۆ جێگری بکەر و دەبێتە هۆی دروستبوونی (ڕستەی بکەرنادیار).

واتە جێگری بکەر بەشی یەکەمی ڕستەی بکەرنادیارە و لە ڕستەی بکەردیاری تێپەڕ بنیات دەنرێت. ئەگەر کاری ڕستەکە تێنەپەڕ بوو، ئەوا پێویستە جۆری کارەکە لە تێنەپەڕەوە بگۆڕین بۆ کارێکی تێپەڕ و پاشان ڕستەی بکەرنادیاری لێ دروست بکەین.

-:چۆنێتیی دروستکردنی ڕستەی بکەرنادیار *

١- لابردنی بکەر و ئەو جێناوە لکاوەی کە پەیوەستە بە بکەرەکەوە لە ڕستەکەدا.

بۆ نموونە

(ئازاد خواردنەکەی هێنا. __ خواردنەکە هێنا)

٢- وەرگرتنی رەگی کاری ڕستەکە. پاشان ئەگەر کاتی کاری ڕستەکە ڕابردوو بوو ئەوا مۆرفێمی نادیار و کاتی ڕابردوو (را) دەخرێتە کۆتایی رەگی کارەکە، بۆ نموونە:

(هێنا – هێن = هێنرا --- خواردنەکە هێنرا)

ئەگەر کاتی کارەکە ڕانەبردوو بوو ئەوا مۆرفێمی نادیار و کاتی ڕانەبردوو (رێ) دەخرێتە کۆتایی کارەکە، بۆ نموونە

(دەهێنرێ --- خواردنەکە دەهێنرێ)

٣- جێگیرکردنی بەرکارەکە لە جێگەی بکەر و پاشان زیادکردنی جێناوێکی لکاو بۆ کۆتایی کارەکە بەپێی کەس و ژمارەی جێگری بکەرەکە. بۆنموونە:

(خواردنەکە خورا. خواردنەکە دەخورێت)

٤- جێگری بکەرەکە بەپێی کەس و ژمارەی خۆی جێناوێکی لکاو لەم جێناوەلکاوانە (م - ین، یت - ن، 0 - ێت، ن) وەردەگرێت و دەیخاتە کۆتایی کارەکە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کە جێگری بکەر لە

وەرگرتنی جێناوەلکاوەکاندا تایبەتمەندییەکی دیار بۆ خۆی دروست دەکات ئەویش بەهۆی ئەوەی کە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک (ات) لە دەمی ڕانەبردوودا وەرناگرێت.

جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک لە دەمی ڕابردوودا نییە، بەڵام بۆ دەمی ڕانەبردوو (ێت)ە.

٥- جێگری بکەر (بەرکار)ەکە، کاتێک ناوێکی گشتی بوو ئەوا هەڵگری یەکێک یان زیاتر لە نیشانەکانی ناسراوی و نەناسراوی و تاك و کۆیە. بۆ نموونە:

(کوڕێك هێنرا. کوڕەکە هێنرا. کوڕەکان هێنران)

٦- ڕەگی ئەو کارانەی کە بە بزوێنی (ە) کۆتاییان هاتووە، لە کاتی زیادکردنی مۆرفێمی نادیاری و کاتدا، بزوێنەکەی لەناو دەچێت، بۆ نموونە:

(کردن = کە، کرا، دەکرێ. بردن = بە، برا، دەبرێ)

٧- ڕەگی ئەو کارانەی کە کۆتاییان بە (ر، ڕ) هاتووە (د) دەخرێتە نێوان مۆرفێمی نادیار و کۆتایی ڕەگی کارەکە، بۆ ئاسانکاری لە دەربڕیندا. بۆ نموونە:

(ناردن = نێر، نێردرا، دەنێردرێ. بڕین = بڕ، بڕدرا، دەبڕدرێ)

٨- ئەگەر کرداری ڕستەکە تێنەپەڕ بوو ئەوا کردارەکە دەگۆڕین بۆ کارێکی تێپەڕ. ئەویش لە ڕێگەی (زیادکردنی پاشگری (اندن) بۆ سەر ڕەگی کارەکە، وەك:

(سووتان + اندن —– سووتاندن = نەسرین نانەکەی سووتاند. — نانەکە سووتێنرا). یاخود وەرگرتنی وشەی بەرامبەری لە کارە تێپەڕەکاندا، وەک:

(کەوتن = خستن — شێرکۆ منداڵەکەی خست. — منداڵەکە خرا)

لەم وتارەدا بەکورتی باسی چۆنێتیی گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ تێپەڕمان کردووە بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە لە جێگری بکەر چییە؟.ناونیشانی وتارەکە دوور نەخەینەوە

جێگری بکەر:- ناوێك یاخود جێناوێکی سەربەخۆیە کە لە ڕستەدا ئەرك و شوێنی دەگۆڕدرێت لە بەرکارەوە بۆ جێگری بکەر و دەبێتە هۆی دروستبوونی (ڕستەی بکەرنادیار)

واتە جێگری بکەر بەشی یەکەمی ڕستەی بکەرنادیارە و لە ڕستەی بکەردیاری تێپەڕ بنیات دەنرێت. ئەگەر کاری ڕستەکە تێنەپەڕ بوو، ئەوا پێویستە جۆری کارەکە لە تێنەپەڕەوە بگۆڕین بۆ کارێکی تێپەڕ و پاشان ڕستەی بکەرنادیاری لێ دروست بکەین.

-:چۆنێتیی دروستکردنی ڕستەی بکەرنادیار *

١-لابردنی بکەر و ئەو جێناوە لکاوەی کە پەیوەستە بە بکەرەکەوە لە ڕستەکەدا. بۆ نموونە

(ئازاد خواردنەکەی هێنا. __ خواردنەکە هێنا)

٢- وەرگرتنی ڕەگی کاری ڕستەکە. پاشان ئەگەر کاتی کاری ڕستەکە ڕابردوو بوو ئەوا مۆرفێمی نادیار و کاتی ڕابردوو (را) دەخرێتە کۆتایی ڕەگی کارەکە، بۆ نموونە:

(هێنا – هێن = هێنرا --- خواردنەکە هێنرا)

ئەگەر کاتی کارەکە ڕانەبردوو بوو ئەوا مۆرفێمی نادیار و کاتی ڕانەبردوو (رێ) دەخرێتە کۆتایی کارەکە، بۆ نموونە:

(دەهێنرێ --- خواردنەکە دەهێنرێ)

٣- جێگیرکردنی بەرکارەکە لە جێگەی بکەر و پاشان زیادکردنی جێناوێکی لکاو بۆ کۆتاییی کارەکە بەپێی کەس و ژمارەی جێگری بکەرەکە. بۆنموونە:

(خواردنەکە خورا. خواردنەکە دەخورێت)

٤- جێگری بکەرەکە بەپێی کەس و ژمارەی خۆی جێناوێکی لکاو لەم جێناوەلکاوانە (م - ین، یت - ن، 0 - ێت، ن) وەردەگرێت و دەیخاتە کۆتاییی کارەکە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کە جێگری بکەر لە وەرگرتنی جێناوەلکاوەکاندا تایبەتمەندییەکی دیار بۆ خۆی دروست دەکات ئەویش بەهۆی ئەوەی کە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک (ات) لە دەمی ڕانەبردوودا وەرناگرێت.

جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک لە دەمی ڕابردوودا نییە، بەڵام بۆ دەمی ڕانەبردوو (ێت)ە.

٥- دیارخەر (ناو)

دیاخەری ناو:ئەو ناوە یا جێباو یا هەولناوەیە لەگەل هەموو جۆرە کارێک دێت و زۆر جار ئامرازی دانەپاڵی لەپێش دت

ئەرکی ناو لەرستە دا وەکو دیار خەر

٢- ناو+ئامراز+ناو .... وەکو : قەلای هەولێر

٢- ناو+ئامراز+هاوەڵناو...... وەکو : برای چاك

٣- ناو+ئامراز+جێناو......... وەکو : کچی تو

ئامراز=(ی) لە کرمانجی سورانیدا

بەڵام لە کرمانجی بادینی دا ئامرازەکە چەند جورێکە:

(ا) : بو تاکی مێ وەکو : کچا تە

(ێ) : بو تاکی نێر وەکو : کورێ ئازادی

(ید .ێت.ێن) بو کوی نێرو مێ وەکو:

بژێرێت کوردستانێ خوشن.

کچین ئازادی ب پلا ئێکی دەرچوون.

ئەگەر ناوێکی دیارخراو (دیارخەرێك) یان چەند دیارخەرێك بدرێتە پاڵی ئەوا ناوی دیارخراو پێش ناوی دیارخەر دەکەوێت وەکو:

دەرگای ژوورەکە کراوەتەوە.

(دەرگا) دیارخراوە.

(ژوورەکە) دیارخەرە

چەند نمونەیەك لە ئەرکی ناو وەکو دیارخەری ناو:

١-ئاوی کانی له ئاوی رووبار پاکتره

٢- تابلوەکانی ژوورەکەم هەڵواسیوه

٣- خانووەکانی ئەم شاره جوانن

لەرستەی یەکەم : وشەی (ئاو)ناوێکی تاکی نەنلسراوی گشتیه و (دیارخراوه). وشەی (کانی)و(رووبار)یش دوو ناوی تاکی نەنلسراوی گشتین (دیارخەرن) بو ناوی (ئاو)

لەرستەی دووەمدا: وشەی (تابلوکان) ناوێکی کوی نلسراوه (دیارخراوه) وشەی (ژوورەکە)ناەێکی تاکی نلسراوه

(دیارخەری)تابلوکانه.

لەرستەی سێیەمدا: وشەی (خانووەکان)ناوێکی کوی نلسراوه (دیارخراوه) وشەی (شار) ناوێکی گشتیه به هوی هاوەڵناوی نیشانەی (ئەم..................... ه) (دیارخەره) (ی) خستنەسەر کەوتوته نێوانیان.

٦- نیهاد

نیهاد : وشەیەکه سیفەتێکی دەدرێته پاڵ لەناوڕسته، واته مەدحی دەکرێ ، بەهیچ کارێکیش هەڵناستێ .

چۆن بیناسینەوه ؟ وەڵام یەکەم : هەروشەیەک وەسفی بکرێ یا مەحت یان مەدحی بکرێ دەبێته نیهاد بەمەرجێک کاری ناتەواوی [ه ، بو ، دەبێت] لەناوڕستەدا هەبێ بۆنمونه گوڵەکه جوانه ، لێره وشەی گوڵ ناو نیهاده چونکه وسفی کراوه کاری ناتەواویش لەناوڕستەدا هەیه، دووەم : ئەگەر هاتوو پیشەی کەسێکمان دیاری کرد کەپیشەکەی چیبوو یان پیشەکەی چییه یان پیشەکەی چی دەبێ یان ئیش و کاری چییه ئەوکات ناوی کەسەکه دەبێته نیهاد ناوی پیشەکەش دەبێته تەواوکەری کاری ناتەواویان دەبێته تەواوکەری بەیاریده بۆنمونه سیروان مامۆستایه سیروان مامۆستابوو سیروان دەبێته مامۆستا .... لێره سیروان نیهاده چونکه پیشەکەین دیاریکردووه کەمامۆستایه ... سێیەمیش چۆن بزانین ناوێک دەبێته نیهاد سەیری کۆتای ڕستەبکه ئەگەر هاتوو کاری ناتەواولەناوڕسته هەبووبەمەرجێک دەبێت هەرسێ کاری ناتەواو لەسەر ئەوڕستەیەیه بگونجێن دەنا نیهاد لەوڕستەیه نییه بۆنمونه گوڵەکه سور بوو ئەگەر بیکەینه [ه ، دەبێت] گوڵەکەسوره گوڵەکه سوردەبێت کەواته گوڵەکه نیهاده ... بەڵام لەرستەی ئەوهاتووه ئەوهاتبوو ئەوهاتودەبێت نابێ کەواته نیهاد لەوڕستەنیه بێجگەلەوەش هەرخۆی دیاره کاری هات تەواوه ... تب : بەپێچەوانەش سیفەتێکی خراپیش بدەیه پاڵ کەسێک کەسەکه دەبێته نیهاد...

ناسینه وەی به شی نیهاد ئینشاالا دوای ئەوه باسی گوزارەش دەکەین.

سەرکەوتوبن.

٧- تەواوکەری کاری ناتەواو

کاری ناتەواو :-بەو کارانە دەوترێت کە بە(بکەر، کار) واتایەکی تەواو نادەن بەدەستەوە، بەڵکو پێویستی بە وشەیەک یا بەشێکی تر هەیە واتاکەی تەواو بکات.کە پێی دەوترێت (تەواکەری کاری ناتەواو، پێ یاریدە و بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی)

لە زمانی کوردیدا کاری ناتەواو لە چاوگی (بوون) وەردەگیرێت، کە (تێنەپەڕ)ە لە ڕووی هێزەوە.بۆ - دروستبوونی دەمەکانی کاری (ڕابردوو،ڕانەبردوو)

کاری ناتەواو سێ جۆرە یا سێ بەشە لە زمانی کوردیدا:-

١- (ە)کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا

نم:- کوردستان ڕەنگینە

ە:-کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا

٢- (بوو) کاری ناتەواوە بۆ کاتی ڕابردوو

نم:- گوڵەکە بۆنخۆش بوو.

بوو:- کاری ناتەواوە بۆ کاتی ڕابردوو

٣- (دەبێت):-کاری ناتەواوە بۆ کاتی (داهاتوو-ڕانەبردوو)

نم:-کوردستان دەبێت بە دەوڵەت

دەبێت :-کاری ناتەواوە بۆ کاتی داهاتوو-ڕانەبردوو

کاری ناتەواو بەم بەشە ئاخاوتنانە تەواو دەکرێت_

١- بە (ناو) تەواو دەکرێت

نم:- ئەوە ئازادە

٣- به (هاوەڵناوی چۆنێتی)تەواو دەکرێت

نم:-ترێ خۆشە

٣- به (هاوەڵکار) تەواو دەکرێت

نم:- پێشەنگاکە شەممەبو.

٤- به (چوگ) تەواو دەکرێت

نم:-گەل چاوی لە سەرکەوتنە

٥- به (جێناو) تەواو دەکرێت:-(جێناوی کەسی سەربەخۆ، جێناوی خۆیی، جێناوی نادیار، جێناوی پرس، جێناوی نیشانە):-

جێناوی کەسی سەربەخۆ:

نم:-من بووم لە شانۆکەدا. کتێبەکە بە ئەوانە

جێناوی خۆیی:

نم:-ئەوە خۆت بوویت لە بازاڕ. گوڵەکە بە خۆتانە

جێناوی نادیار:

نم:-ئەوە فلان بوو. پێنووسەکە بە فلانە

-جێناوی پرس:

نم:- ئەوە کێ بوو لە هۆڵەکەدا؟ پارەکە بە کێیە؟

جێناوی نیشانە:

نم:-ئەوە ئەمە بوو لەناو پۆلەکەدا. ڕۆمانەکە بە ئەمانەیە

کاری ناتەواو بەم شێوەیە دەکرێت بە (نەرێ):-

١- (ە) به هاوەڵکاری نەرێی (نی) دەکرێت بە نەرێ

نم:- ماستەکە ترشە. ماستەکە ترش نییە.

٢- (بوو) به هاوەڵکاری نەرێی (نە) دەکرێت بە نەرێ

نم:- گوندەکە دڵگیربوو.گوندەکە دڵگیر نەبوو.

٣- (دەبێت) به هاوەڵکاری نەرێی (نا) دەکرێت بە نەرێ

نم:-ئاسۆ دەبێت بە مامۆستا. ئاسۆ نابێت بە مامۆستا.

سەچاوەکان:

زمان وئه ده بي كوردي

https://zaniary.com/blog

https://ckb.m.wikipedia.org/wiki/

https://www.nogomi.ru/song

https://www.kurdiu.org/ku/b/

https://skysft.com/